# پڕۆژەی بەرەی نیشتیمانی و
# نەتەوەیی پێشکەوتن خواز
# بۆ
# یاسای ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان

# پڕۆژەی بەرەی نیشتیمانی و
# نەتەوەیی پێشکەوتن خواز
# بۆ
# یاسای ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان

# یەکەم

# بنچینەکانی ئۆتۆنۆمی

## بەشی یەك

## بنچینە گشتی‌یەکان

**مادەی یەك :ـ**

أ ـ هەرێمی کوردستان خاوەنی ئۆتۆنۆمی‌یەو ، بەناوی «هەرێم»ەوە باس دەکرێت لەهەموو شوێنێکی ئەم یاسایەدا ٠

ب ـ سنوری ئەم هەرێمە هەرشوێنێکە کە کوردەکان زوربەی دانیشتووانی پێك‌دەهێنن ، سەرژماردنی گشتی‌ی ، سنوری ئەم هەرێمە دیاری دەکات وەك لەبەیانی یانزەی ئازاردا هاتووە ٠ قەیدەکانی سەرژماردنی سالی ۱۹۵۷ بە بنچینە دائەنرێت بۆ سنورکێشانی سروشتی نەتەوەیی زوربەی دانیشتووانی ، لەو شوێنانەی کە سەر ژماردنی گشتی‌ی تیادا پێك‌ئەهێنرێت(۱) ٠

---

**(۱) بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (۱۱۵) لەرۆژی ۱۹ـ۱ـ۱۹۷۱ ( قەیدەکانی سەرژماردنی سالی ۱۹۵۷ ئەبن بە بنچینەیەك بۆ ئەو سەر ژماردنە گشتی‌یەی کەنیاز هەیە پێك بێت ) ٠**

هەواڵنامەی کتێب

ج ـ هەرێم بەیەك پارچەی کارگێڕی یەکگرتوو دەژمێررێت کە ( شەخسیەتێکی مەعنەوی )و ئۆتۆنۆمی هەیە لە چوارچێوەی یەکێتی یاسایی و سیاسی و ئابووری کۆماری عێراقدا • بەشەکانی کارگێڕیش لە هەرێمدا بە گوێرەی یاسای (محافظات) پێكدێت لەگەڵ تێبینی حوکمی ئەم یاسایەدا •

د ـ هەرێم بەشێکە جیانابێتەوە لە خاکی عێراق ، گەلەکەشی بەشێکە جیا نابێتەوە لە گەلی عێراق •

هـ ـ ناوەندی پارێزگای ـ مرکز محافظة ـ ( ••••••• )(١) دەبێت بە ناوەند بۆ کارگێڕیی ئۆتۆنۆمی •

و ـ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەشێکن لە دەزگانی کۆماری عێراق •

**مادەی دوو :ـ**

أ ـ زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی بە زمانێکی ( رەسمی ) هەرێمەکە دائەنرێت •

ب ـ زمانی کوردی دەبێت بە زمانی خوێندنی کوردەکانی ئەم هەرێمە ، فێرکردنی زمانی عەرەبییش لە هەموو پلەکانی قوتابخانە و خوێندندا پێویستە •

ج ـ دام و دەزگای خوێندن بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی

---

**(١) ئەوسا پێكهاتن لەسەر سلێمانی یا هەولێر یا دهۆك دەبێت •**

عەرەب دادەمەزرێت و خوێندن تیایاندا بە عەرەبی دەبێت، خوێندنی زمانی کوردیش پێویستە هەبێت •

د ـ ڕۆڵەکانی هەرێم سەرفرازن بۆ هەڵبژاردنی هەر قوتابخانەیەك کە ئەیانەوێ تیایدا فێربن بێ ئەوەی سەیری زمانی زگماکیان بکرێت •

هـ ـ خوێندن لە گشت قۆناغەکانیدا لەژێر چاودێری سیاسەتی پەروەردەیی و خوێدەواریی گشتیی دەوڵەت دایە •

**مادەی سێ :ـ**

أ ـ ماف و سەربەستیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان لەم هەرێمەدا ، بە گوێرەی دەستوور و یاسا و بڕیارە دەرچووەکان ، دەپارێزرێن ، کارگێڕیی ئۆتۆنۆمی دەستەبەری بەدی هێنانین •

ب ـ پێویستە ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانی ئەم هەرێمە ، نوێنەریان هەبێت لە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا ، بە پێی ژمارەیان • جگە لە بەشداربوونیان لە فرمانە گشتییەکاندا بەگوێرەی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لەم ڕووەوە دەردەچن •

**مادەی چوار :ـ**

دادگەری ( القضاء ) سەربەخۆیە و لە یاسا بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نیە • دەزگاکانیشی لەم هەرێمەدا بەشێکن لە بەشەکانی تری •

دادگەری کۆماری عێراق جیا نابنەوە •

## بەشی دوو

## بنچینەکانی دارایی

**مادەی پێنج :ـ**

ئەم هەرێمە یەکەیەکی دارایی سەربەخۆیە لە چوارچێوەی یەکێتی دارایی دەوڵەتدا •

**مادەی شەش :ـ**

أ ـ ئەم هەرێمە بودجەی تایبەتی خۆی هەیە لە چوارچێوەی بودجەی یەکێتی دەوڵەتدا •

ب ـ لە ڕووی ئامادەکردنو ڕێکخستنی بودجەی ئەم هەرێمەوە هەر ئەو بنکە و بنچینانە بەکار ئەهێنرێن کە لە ئامادەکردنی بودجەی یەکخراوی دەوڵەتدا بەکار هاتووە •

**مادەی حەوت :ـ**

بودجەی هەرێم لەم بەشانە پێکدێت :

١ـ بودجەی ڕۆژ بەڕۆژ ( الميزانية الجارية ) •
٢ـ بودجەی ( استثماری ) ساڵانەی هەرێم •
٣ـ بودجەی دەزگاو دامەزراوە بە بەرهەمەکانی هەرێمەکە کە مورکی ناوچەیی‌یان پێوەیە •
٤ـ بودجەی گێڕانی ناوخۆیی ( الادارة المحلية ) و شارەوانی‌یەکانی هەرێم •

**مادەی هەشت :ـ**

بودجەی هەرێم لەم دەستکەوتانە پەیدا دەبێت :

أ ـ دەستکەوتی خۆیی هەرێم کە بریتین لە :

١ـ دەستکەوت لە باج و رەسمەکانی شارەوانی و گێڕانی ناوخۆیی ( الادارة المحلية ) کە بە پێی یاسای تایبەتی ئەسەپێنرێن ·

٢ـ نرخی شتی فرۆشراو و کرێی خزمەت گوزاریی ·

٣ـ بەشی بڕیاردراو لە قازانجەکانی ئەو دام و دەزگایانەی کە بودجەی هەرێمەکە ئەیانگرێتەوە ·

٤ـ باجی ( عقاری اساسي و اضافي ) ناو هەرێم ·

٥ـ باجی زەوییەکانی کشتوکاڵ و بەشی زەویسازی ( الأصلاح الزراعي ) لە بەر و بوومدا ·

٦ـ باجی ( عرصات ) ·

٧ـ باجی ( ترکات ) ·

٨ـ رەسمی تۆمارکردنی ( عقار ) ·

٩ـ رەسمی دادگاکان و دەستکەوتیان لە جەزا بڕینەوەدا ·

١٠ـ پوولی مالی ·

١١ـ رەسمی تۆمارکردنی ئۆتۆمۆبیل و گواستنەوەی مولکایەتی ·

ب ـ ئەوی لە بودجەی ئاسایی دەوڵەت و بەرنامەی ساڵانەی ( استثماری ) پلانی گەشەپێدانی نەتەوەییدا تەرخان دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی خەرجی بودجەی هەرێمەکە ·

**مادەی نۆ :ــ**

هەموو حساباتێکی هەرێمەکە لە ژێر چاودێــــری دیوانی چاودێری کـــەری دارایی‌و پشــــکنینی دارایی‌دا دەبێت ·

**دوو**

**دەزگاکانی ئۆتۆمی**

**بەشی یەك**

## ئەنجومەنی یاساگەری

**مادەی دە :ــ**

ئەنجومەنی یاساگەری تاکە دەزگای هەڵبژێرراوی هەرێمەکەیە بۆ یاسادانان · پێکهێنان و ریکخستن و ئیش گوزاری‌ی تیایدا بەگوێرەی یاسا دەبێت ·

**مادەی یانزە :ــ**

أ ــ ئەنجومەنی یاســاگەری سەرۆك و جێ‌گــری سەرۆك و سکرتێر لە نێوان ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێررێت·

ب ــ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە حـــازربوونی زوربەی ئەندامەکانی پێکدێت و بریارەکانیشی بە زوربەی دەنگی حازر بووەکان دەبێت ئەگەر پێچەوانەی ئەمە لەم یاسایەدا یان لە یاسای ئەنجوومەنی یاساگەری‌دا نەبێت

**مادەی دوانزە :ــ**

ئەنجومەنی یاساگەری لە سنوری دەســتوور و یاسادا ئەم دەسەڵاتانەی هەیە ·

أ ـ دانانی پێڕەوی ناوخۆ ـ النظام الداخلي ـ .

ب ـ دەرکردنی بڕیـــاری یاسایی پێویســـت بۆ گەشەپێدانی هەرێم و سەرخستنی باری کۆمەڵایـــەتی و ڕۆشنبـیری و ئـــاوەدانی و ئابـووری کە هـــورکی ناوچەیی یان پێوەبێت لە چوارچێوەی سیاســەتی گشتی دەوڵەتدا .

ج ـ دەرکردنی بڕیاری یاسایی کە پەیوەندی بـــە پەرەسەندنی ڕەوشـــت و نەریتی نەتـــەوەیی ڕۆڵەکانی هەرێمەکەوە هەبێت .

د ـ بڕیاردانی یاساگەری تایبەت بەکارگێـــڕی یاسا میری‌یـــەکان و ئـــەو دام و دەزگایانـــەی مورکی ناوچەیی یان پێوەیە ، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنـــە پسپۆڕەکانی مەرکەز .

هـ ـ ( تصدیق )ی ئەو پڕۆژانەی کە ئەنجومەنی تەنفیذی ئامادەیـــان دەکات لە کاروباری ئابـــووری و کۆمەڵایەتی و پڕۆژەی ئـاوەدان کردنەوە و کاروبـــاری پەروەردە و فێـــرکردن و تەندروســـتی و کاردا بەپێی پێداویستی پلانی گشتی مەرکەزی دەوڵەت و خواستەکانی گونجاندنی .

و ـ پێشنیارکردنی بودجەی تایبەتی هەرێمەکە .

ز ـ بڕیاردانی هەژمارەکانی ( حساباتی ) کۆتایی ، دوای تێ ووردبوونـــەوەی لەلایەن دیوانی چاودێـــری داراییەوە و ناردنی بۆ دەسەڵاتی یاساگەری بۆ (تصدیق) کردنی .

ح ـ بۆی هەیە بودجەی تایبەتی هەرێمەکە بگۆڕێ پاش ( تصدیق ) کردنی ، وە لە سنوری ئەو مەبلـــەغو مەبەستەدا کە بۆی تەرخان کراوە بەمەرجێ کە لـــەگەڵ یاسا و پلانی پەرەپێدانی دەوڵەتدا بگونجێ ٠

ط ـ ووت و ویژکردن و لێپرسینەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیذی سەبارەت بەو کار و بارانەی کە لـە سنوری پسپۆڕێتی خۆیان دایە ٠

ی ـ بەخشینی بڕوا بە ئەنجومەنی ( تنفیذی ) یان بە ئەندامێکی یان زیاتر لە ئەندامێك ، ئەو ئەندامەشی کە لەجێی باوەڕدا نامێنێ دەستی لەو فرمانە دەکێشرێتەوە ؛ ئەم بڕیارەش بە زوربەی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی یاساگەری دەدرێت ٠

## بەشی دوو

## « ئەنجومەنی تەنفیذی »

**مادەی سیانزە :ـ**

أ ـ ئەنجومەنی تەنفیذی دەزگای جێ بەجێ کردنی کارگێڕیی ئۆتۆنۆمییە لە هەرێمدا .

ب ـ ئەنجومەنی ( تنفیذی ) لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و کۆمەڵێ ئەندام پێك دێت کە ئەوەندەی ژمارەی کارگێڕەکانە کە ناویان هاتووە لە مادەی چواردەمدا یان دوو ئەندام زۆرترە لەم ژمارەیەدا .

ج ـ سەرکۆمار داوا لە یەکێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاساگەری دەکات کە ببێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیذی و ئەنجومەنەکەش پێك بهێنێت .

د ـ سەرۆکی راسپێراو ئەندامانی ئەنجومەنی ( تنفیذی ) وە جێگرێك هەڵدەبژێرێت لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاساگەریدا ، یاخود لەو کەسانەی مەرجی ئەندامەتیان تیادایە . دوای ئەوە داوای بڕوا بەخشین دەکات ، کە بڕوایان بە زوربەی دەنگەکانی ئەنجومەنی یاساگەری پێ بەخشرا ، ئەوسا فەرمانی کۆماری دەردەچێت بۆ پێك هێنانی ئەنجومەنی تەنفیذی .



هەواڵنامەی کتێب

هـ ـ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی ( تنفیذی ) لە پلەی وەزیریدان •

و ـ بۆ سەرکۆمار هەیە کە دەست بەسەرۆکی ئەنجومەنی ( تنفیذی ) هەڵبگرێ لە کارەکەی ، لە باری وادا ئەنجومەنی ناوبراو بە هەڵوەشراو دەژمێررێت •

ز ـ لە باری هەڵوەشاندنی ئەنجومەنی (تنفیذی)دا یاخود کێشانەوەی باوەڕ پێی ، ئەنجومەنی ناوبراو تەنها بەردەوام دەبێت لە ڕەواندنی کاروبارە ڕۆیشتوەکاندا ( الامور الجارية ) تا کاتی دروست کردنەوەی ئەنجومەنێکی نوێ بەو مەرجەی ئەو ماوەیە لە ئەوپەڕیدا لە پانزە ڕۆژ تێنەپەڕێت •

**مادەی چواردە :ـ**

أ ـ پارێزگاکانی هەرێم دەبەسترێن بە سەرۆکی ئەنجومەنی ( تنفیذی )وە •

ب ـ ئەنجومەنی ( تنفیذی ) لە بەکارهێنانی دەسەڵاتیا بە هاوکاری ئەم بیرۆیانەی ( مكاتب ) فەرمانەکانی دەبا بەڕێوە :

١ـ بیرۆی ( مەکتەبی ) ئەنجومەنی تنفیذی •

٢ـ بیرۆی شوێن کەوتن و پشکنین ( المتابعة والتفتيش ) •

٣ـ بیرۆی ئەژمار و پلانکاری ( الأحصاء والتخطيط ) •

ج ـ ئەم کارگێڕیيانەی خوارەوە بەستراون بە ئەنجومەنی ( تنفیذی )وە •

١ـ کارگێڕی پەروەردەو خوێندن .
٢ـ کارگێڕی ئیش و خانەسازی .
٣ـ کارگێڕی کشتو کاڵ و زەوی‌سازی .
٤ـ کارگێڕی کاروباری ناوخۆ .
٥ـ کارگێڕی گواستنەوە و هاتوچۆ کردن .
٦ـ کارگێڕی رۆشنبیری و لاوان .
٧ـ کارگێڕی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان .
٨ـ کارگێڕی کاروباری کۆمەڵایەتی .
٩ـ کارگێڕی کاروباری ئابوری و دارایی .
١٠ـ کارگێڕی کاروباری ( أوقاف ) .

د ـ ئەو کەسانەی کاروباری ئەو کارگێڕیانە دەبەن بەڕێوە کە لە بڕگەی پێشوودا باسکران و ئەندامن لە ئەنجومەنی ( تنفیذی )دا بە ( ئەمینداری گشتی ) ناو دەبرێن . هەر یەکەش جێگرێکی بۆ دادەنرێت لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی‌دا .

**مادەی پانزە :ـ**

**ئەنجومەنی ( تنفیذی ) ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە :**

أ ـ دەستەبەربوونی بەجێهێنانی پێڕەوەکان .
ب ـ لایەن گرتنی فەرمانەکانی دادگەری .
ج ـ بڵاوکردنەوەی دادپەروەری ( العدالة ) و

پاراستنی ئاسایش و پێڕەوی گشتی و پاراستنی دام و دەزگا نیشتمانی‌یە گشتی‌یەکان و ناوچەیی‌یەکان و پاراستنی ماڵی گشتی و تایبەتی دەوڵەت •

د ـ بڕیاردان لەسەر هەرکارێك بە پێویست بزانرێت بۆ گونجاندنی حوکمی بڕیارە یاسا گەری‌یە ناوچەیی‌یەکان •

ھ ـ ئامادە کردنی پرۆژەکانی پلان‌کاری بە دوور و درێژی ، سەبارەت بە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و پرۆژەکانی گەشە پێدان و کاروباری پەروەردە و خوێندن تەندروستی و ئیش‌کردن بە پێی پێویستی‌یەکانی نەخشە کێشانی مەرکەزی گشتی‌ی دەوڵەت و پێویستی‌یەکانی گونجاندنی و ناردنی بۆ ئەنجوومەنی یاساگەری بۆ ( تصديق ) کردن •

و ـ سەرپەرشتی کردنی دام و دەزگا گشتی‌یە ناوچەیی‌یەکان لە هەرێمەکەدا •

ز ـ دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی کارگێری‌ی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمەکەدا بە گوێرەی یاساکانی خزمەت کردنی میری و میلاکاتی ( الملاكات ) لەو کەسانەی کە دامەزراندنیان دەرکردنی فەرمانی کۆماری‌ی یاخود ڕەزامەندی‌ی سەرکۆماری ناوێت • ئەمانە هەر حوکمی ئەو یاسایانەیان بەسەردا ئەڕوات کە لە هەموو کۆماری عیراقدا پێڕەوی دەکرێت • بەو مەرجەی فەرمانبەرەکان کوردبن یاخود کوردی باش بزانن لەم بەشانەی کارگێڕی‌دا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن ، لەگەڵ

تێبینی کردنی ئەوەی لە مادە سێی ـ ئەم یاسایەدا باس کراوە •

ح ـ بەجێ هێنانی بۆدجەی ( هەرێم ) بە پێی ئـەو یاسا بنچینەیی یانەی لە پێڕەوی ژمێرەوەری ( محاسبة ) دەوڵەتا •

ط ـ ئامادە کردنی راپۆرتێکی ساڵانە سەبارەت بە باری ئەم ( هەرێمە ) و پێشکەش کردنی بە سەرکۆمار و ئەنجومەنی یاساگەری •

پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ( مرکز ) و کارگێڕیی ئۆتۆنۆمی :

**مادەی شازدە :ـ**

جگە لەو دەسەڵاتـانەی دەزگاکانی ئۆتـۆنۆمی بەگوێرەی ئەم یاسایە بەکاری دەهێنن • ئیتـر گشت دەسەڵاتێکی تر لە هەموو لایـەکی کۆماری عـیراقدا دەگەڕێتەوە بۆ کاربەدەستانی ( مرکز ) خۆیان یاخـود نوێنەرەکانیان •

**مادەی حەڤدە :ـ**

أ ـ فەرمانگەکانی ( تشکیـلات ) پۆلیس و أمن و جنسیە لە هەرێمدا هەموو سەر بە کارگێڕەکانی خۆیان دەبن لە وەزارەتی ناوخۆدا و ئەو یاسا و پێڕەو و ئـەو ( تعلیمات )ە بەسەر ئیشکەرەکانیاندا دەڕوات کە لـە کۆماری عیراقدا ئیشیان پێدەکرێت •



هەواڵنامەی کتێب

ب ـ سەرۆكی ئەنجومەنی ( تنفیذ )ی خۆی یاخود ئەو كەسە لە ئەندامی ئەنجومەن كە دەسەڵاتی خۆی پێ ئەبەخشێت بۆی هەیە كە داوا لەو فەرمانگانەی بڕگـەی ( أ ) لەم مادەیە بكات كە هەندێك ئەرك بەجێ بهێنن كـە ئیشی خۆیان بێت لە هەرێمەكەدا بەمەرجێك لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت دەرنەچێت .

ج ـ دامەزراندنو گواستنەوەی كارگێڕەكانی ئـەو فەرمانگانەی بڕگەی ( أ ) لەم مادەیە بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ پێكدێـت دووای راوێژكردن لەگـــەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی ( تنفیذی ) .

د ـ ئەوانەی سەر بە پۆلیسن لە هەرێمدا بە فەرمانی ئەمینداری كارگێڕی كاروباری ناوخۆ یاخود ئـەو كەسەی ئەو دەسەڵاتی پێ ئەبەخشێـــت ئەگوێزرێنەوە لەگـــەڵ تێبینی كردنی بڕگەی ( ج ) لەم مادەیە .

هـ ـ دامەزراندن و گواستنەوەی ئەو كەسانەی سەر بەو فەرمانگانەی بڕگەی ( أ )ن لەم مادەیە ، بە گوێرەی ئەو دەستوور و دەسەڵاتەیە كە لە كۆماری عێراقدا ئیشی پێدەكرێت بە مەرجێك تێبینی بڕگەكانی پێشوو بكرێت .

**مادەی هەژدە :ـ**

أ ـ فەرمانگاكانی سەر بە دەسەڵاتی ( مركز ) لە هەرێمدا لەژێر دەستی وەزارەتەكانی خۆیاندا دەبن و لـە چوارچێوەی دەسەڵاتیاندا ئیشوكاری خۆیان دەبینن و بۆ دەزگاكانی ئۆتۆنۆمی هەیە كە راپۆرتیان دەرحەق بـدەن بە وەزارەتەكانیان .

ب ـ کاربەدەستانی ( مرکز ) لە چوارچێوەی دەسەڵاتیاندا بۆیان هەیە بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی گێڕانی ناوخۆیی ( اداراتی محلی ) بکەن کە لە مادەی چواردەی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە .

ج ـ کاربەدەستانی ( مرکز ) وەزیرێکی دەوڵەت دادەنێن بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی کاروباری دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دەسەلاتی ( مرکز ) لەهەرێمدا . ئەو وەزیرە بۆی هەیە لەهەموو کۆبوونەوەکانی ئەو دەزگایانەدا حازر بێت . هەروەها کاربەدەستانی ( مرکز ) بۆیان هەیە کە هەر وەزیرێکی تر بیانەوێت بنێرن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە .

د ـ بڕیاری دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ دەرچوونیدا دەدرێت بە وەزیری دەوڵەت .

هـ ـ سەرۆکی ئەنجومەنی (تنفیذی) لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا حازر دەبێت .

## مادەی نۆزدە :ـ

أ ـ دادگای ( تمیز )ی عێراق چاودێری ڕەوایی ( مشروعیە )ی بڕیارەکانی کاربەدەستانی ئۆتۆنۆمی دەکات ، بەهۆی دەستەیەکی تایبەتی‌یەوە کە لە سەرۆکی دادگا و چوار ئەندام پێکدێت هەر لە ( تمیز ) ، کە بە هەموو ئەندامانی ئەم دادگایە بۆ ماوەی سێ ساڵ لەناو خۆیاندا هەڵیان دەبژێرن و دەشێت بۆ تەنها جارێکی تریش هەڵبژێرێنەوە .

هەواڵنامەی کتێب

ب ـ وەزیری داد و وەزیری دەوڵەت بۆیان هەیە لای دەستەی چاودێری کەر کە لە بڕگەی پێشوودا ناوی هاتووە ، تانوت ( طعن ) لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بدەن لە ماوەی ( ٣٠ ) رۆژدا لەکاتی ئاگادار بوونیانەوە ، کەوا ئەو بڕیارانە ناکۆکن لەگەڵ دەستور و یاسا و پێڕەودا ٠

ج ـ تانوت دان لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لای دەستەی چاودێری کەر ، ئەو بڕیارانە رادەگرێت تاکو لە ئەنجامدا روون دەبێتەوە و بەلایەکدا دەکەوێت ٠

د ـ پێویستە دەستەی چاودێری کەر لە ماوەیەکدا ئیشەکە بە لایەکدا بخات لە ( ٣٠ ) رۆژ تێنەپەڕێت لەو کاتەوە کە تانوتەکەی پێشکەش دەکرێت ٠ بڕیارەکانیشی هێجگاری یە ٠

هـ ـ ئەو بڕیارانەی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەیدەن و دەستەی چاودێری کەر هەڵی دەوەشێنێتەوە هەموو یاخود بەشێکیان لە رۆژی دەرچوونیانەوە پووچ دەبنەوە و هیچ کارێکی یاساییان نامێنێت ٠

و ـ دەستەی چاودێری کەر ، بڕیارەکانی بەو لایە دەگەیەنێت کە تانوتی لێداوە ، هەروەها بە سەرۆکی ئەنجوومەنی یاساگەری و ئەنجومەنی ( تنفیذی )ش و لە رۆژنامەی میریشدا بلاوی دەکاتەوە ٠

**مادەی بیست :ـ**

أ ـ سەرکۆمار بۆی هەیە کە ئەنجوومەنی یاساگەری

هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر سەیری کرد ئەرکەکانی خۆی بۆ نابرێتە سەر بەهۆی وازهێنانی ( استقالەی ) نیوەی ئەندامەکانی ، یاخود پێك نەهاتنی ( نصاب ) لەو رۆژەوە کە دەنگ دەدرێت بۆ کۆبونەوە تاکو ( ٣٠ ) رۆژ ، یاخود دوو جار زیاتر لەسەر یەك بڕوای پێ نەبەخشرێت وەك لە بڕگەی ( د )ی مادە سیازدەی ئەم یاسایەدا پێویست کراوە ، یاخود ئەگەر گوێی نەدایە بڕیارەکانی دەستەی چاودێری کەر وەك لە مادەی ( ١٩ )دا باس کراوە ٠

ب ـ کە ئەنجومەنی یاساگەری هەڵوەشایەوە ، ئەنجومەنی ( تنفیذی ) لەسەر بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی خۆی دەڕوات تاکو ئەنجومەنی نوێی یاساگەری هەڵدەبژێردرێت لە ماوەی ( ٩٠ ) رۆژدا کە لەو مرسومی جمهوریەوە دەست پێ دەکات کە دەرچووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ٠

هەواڵنامەی کتێب